**ئاگادارینامەی خۆ دوورەپەریز گرتن بۆ خاوەنکارەکەت**

تۆ داوات لێکراوە خۆت دوورە پەریز بگریت لەبەرئەوەی ئەنجامی پشکنینەکەت بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پۆزەتیڤ بوو. ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ نابێ برۆیت بۆ سەر کارەکەت مەگەر تەنیا ئەگەر تۆ بتوانیت بە سەلامەتی کارەکەت لە ماڵەوە بکەیت و خاوەنکارەکەت رازی بێت بەم کارە.

خاوەنکارەکان دەبێ هاوکاریی ئەو کارمەندانە بکەن کە پێیان ووتراوە دەبێ خۆیان دوورە پەریز بگرن و نابێت داوایان لێ بکەن بێن بۆ سەرکارەکەیان. ئەگەر تۆ لە کارکردن بێت، قسە لەگەڵ خاوەنکارەکەت بکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی کە ئایا دەتوانیت لە ماڵەوە کاربکەیت یان ئەگەر بژاردەی تر هەبێت لەو ماوەی خۆ دوورەپەرێزگرتنت.

ئەگەر پێویستیت بە ئاگادارینامەیەکە بۆ خاوەنکارەکەت برۆ بۆ سەردانی ماڵپەری 111.nhs.uk/isolation-note

خاوەنکارەکەت دەتوانێت لێکۆڵینەوە لە ئاگادارینامەکەت بکات لێرە: 111.nhs.uk/isolation-note/check

ئەگەر تۆ تۆری ئینتەرنێتت نەبوو یان ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی بوو بۆ پرکردنەوەی فۆرمەکە لەسەر ئۆنلاین، تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە 783 306 01603

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەوەی بەرنامەی پشکنین و سۆراخ کردنی تایبەت بە NHS چۆن کاردەکات برۆ بۆ سەردانی www.gov.uk/guidance/nhs-test-and-trace-how-it-works

**ئەگەر ناتوانیت کاربکەیت بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-19) تۆ تا ئێستاش هەر مافت هەیە پارەت پێ بدرێت**

ئامۆژگاری نیشتمانی سەبارەت بە پارەی یاسایی نەخۆشی statutory sick pay بریتیە لە:

تۆ دەتوانیت پارەی یاسایی نەخۆشی وەربگریت ئەگەر تۆ خۆت دوورە پەرێز گرتبێت لەبەرئەوەی:

- تۆ یان کەسێك کە لەگەڵ تۆدا دەژی نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە یان ئەنجامی پشکنینی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پۆزەتیڤ دەرچووە
- تۆ ئاگادار کرایتەوە لەلایەن دەزگای NHS یان فەرمانگەی تەندروستی گشتی کە تۆ بەرکەوتنت هەبووە لەگەڵ کەسێك

که نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەبووە

- کەسێك لەناو 'بڵقی هاوکاری support bubble' ی تۆ نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەبێت یان ئەنجامی پشکنینی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا پۆزەتیڤ دەرچووە
- تۆ لەلایەن دکتۆرێکەوە یان پسپۆڕێکی چاودێری تەندروستی ئامۆژگاری کرایت بۆ ئەوەی خۆت دوورەپەرێز بگریت پێش ئەوەی بڕۆیت بۆ نەخۆشخانە بۆ نەشتەرگەری.
- تۆ هەروەها دەتوانیت پارەی یاسایی نەخۆشی وەربگریت ئەگەر ئامۆژگاری کرابیت بۆ ئەوەی هۆشیاری زیاتر وەربگریت لەبەرئەوەی تۆ لە مەترسیەکی زۆری نەخۆشیەکی سەختی ڤایرۆسی کۆرۆنایت (پێی دەووترێت 'خۆپارێزی').
- تۆ ناتوانیت پارەی یاسایی نەخۆشی وەربگریت ئەگەر تۆ خۆت دوورەپەرێز بگریت دوای هاتنە ژوورەوە یان گەڕانەوە بۆ ناو بەریتانیا و پێویست ناکات خۆت دوورە پەرێز بگریت بۆ هەر هۆکارێك بێت.
- تۆ دەتوانیت پارەی یاسایی نەخۆشی وەربگریت بۆ هەموو ئەو ڕۆژانەی لە کارکردن نیت و لە مۆڵەت دایت.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پارەی یاسایی نەخۆشی سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە www.gov.uk/statutory-sick-pay